# تاوانەکانی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان

**<u>نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان</u>**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

**<u>پێشەکی:</u>**
مێژووی مرۆڤایەتی زۆر جار و لە چەندین شوێنی ئەم جیهانەدا ڕووبەڕووی توندوتیژی و کاری دژی مرۆڤایەتی بۆتەوە لەلایەن گرووپ و تاقمی جۆراوجۆر کە تاوانەکانیان دەچیتە چوارچیوەی تاوانی دژی مرۆڤایەتی و وەک پەڵەیەکی ڕەش دەمێنێتەوە بە نێوچاوانی ئەنجامدەرانیدا.

لەم چەند ساڵەی دواییشدا جیهان بەگشتی ڕووبەرووی مەترسی تیرۆر بووەتەوە لەلایەن چەند گرووپێکی چەکدارەوە کە لەژێر ناوی ئیسلام و ئاییندا هەڵدەستن بە ترساندن و تۆقاندنی خەڵک. گرووپی تیرۆریستی داعش یەکێکە لە

مەتریسدارترینیان و ئەنجامی خراپی لێکەوتەوە دوادەستگرتنیان بەسەر چەندین ناوچەی جیا جیادا لە ناوەراستی عێراق و سوریا، بەڵام ئەو کردەوە تیرۆریستیانەی کە لەلایەن داعشەوە ئەنجام درا بریتین لە خراپترین جۆرەکانی تاوان لە مێژووی مرۆڤایەتی.

هۆکاری پەیوەندی کردنی بەشیک لە خەڵکی ناوەراستی عێراق بە چەکدارانی داعشەوە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە هەندێکیان هەر لە کۆنەوە سەلەفی بوون و فیکری مەزهەبیان هەیە و ئیسلامی توندرەون، بۆیە بەشێوەیەکی درندانە دەستیان لە کوشتن و سەربرینی هاووڵاتیاندا هەبوو. هەندێکیان کۆنە بەعسی و قین لە دڵ بوون و بە هۆکاری تۆڵەسەندنەوە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و خەڵکی ناوچەکەیان ئازارداوە، بەشێکیش لەوان لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی عێراقەوە پێشتر دەستگیر کرابوون و هەندێکی دیکەشیان باری ئابوورییان خراپ بووە بە مەبەستی پەیدا کردنی بژێوی پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە، ئەمە جگە لە ناکۆکی مەزهەبی و ئینتیمای شیعی و سوننی.

لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش تیرۆریستانی داعش هەر زوو هێرشەکانیان بۆ ئەم سنوورانە دەست پێکرد و چەند ناوچەیەکیان داگیر کرد. تیرۆریستان وەک پیشەی هەمیشەییان چەندین تاوانیان لەم ناوچانەدا ئەنجام دا کە بەپێی پێوەری یاسای تاوانی نێودەوڵەتی و یاساکانی جەنگ پێشێلکاری گەورەن و دەتواندرێ وەک تاوانی جەنگ و سەرپێچیکردن لە یاسای نێودەوڵەتی هەژمار بکرێن.

دواتر لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانان تواندرا بەشی هەرە زۆری ئەم ناوچانە لە تیرۆریستان پاک بکرێتەوە و ئازاد بکرێت کە لە ئەنجامدا بوو بە هۆی شەهید بوونی سەدان پێشمەرگە و هەزاران بریندار.

**دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش):**

رێکخراوی تێرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) کاروچالاکی چەکداری خۆیان لە عێراق و شام دەست پێکرد لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ ەوە، داعش خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی توندرەوە و ئاین وەک بیروباوەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکار هێندرا. ئامانجی ئەم گروپە تیرۆریستیە ئەوە بوو کە دەیانەویست لە عێراق و سوریا و دەوروبەری دەوڵەتێکی بەناوی ئیسلام دروست بکەن، داعش بە بڕوای خۆی دەیەوێت بەرنامە و بیروباوەری سەردەمی سەرەتاکانی پەیدابوونی ئیسلام نوێبکاتەوە و ئەوان چۆن ژیاون و باوەریان بەچی بووە بەهەمان شێواز بژین و لەو سەردەمەدا هیچ مەزارگا و شوێنی پیرۆز نەبووە جگە لە مەککە هەربۆیە هەر مەزارگا و مەرقەد و نزارگایەک بە شرک دەزانن و لەلایەن تاوانێکی کوفرییە.

داعش و سەرکردەکەی کە ناوی (ئەبوبەکر بەغدادی) بوو لەناو لیستی تێرۆری ئەمەریکا و ئەوروپا دایە، ئەم رێکخراوە لە ساڵی ٢٠٠٤ بەناوی (تەوحید و جیهاد) لەلایەن (ئەبو موسا زەرقاوی) یەوە لە عێراق دروستکراوە، پاشان تێکەڵی قاعیدە بوون، دوایش ناوی خۆیان بۆ چەند ناونیشانێک و گروپێک گۆری دواتر زەرقاوی لەبەرواری ٧ ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٦ لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی هێزەکانی ئەمەریکا کوژرا.

لەدوای زەرقاوی چەند کەسی تر بەرپرسیارێتی و سەرکردایەتیکردنی ئەم گروپەیان لە ئەستۆگرت، لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ ئەبو عومەر بەغدادی کە بە کەسێکی نزیک لە قاعیدە لە قەڵەم دەدرێت راپگەیاند کە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامیان دامەزراندووە. لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٠ هێزەکانی ئەمەریکا و سوپای عێراق بەهاوبەش هێرشێکیان بۆ خانوویەک ئەنجامدا لە ئاکامدا هەردوو سەرکردەی ئەم گروپە ئەبوعومەر بەغدادی و ئەبو حەمزە ئەلموهاجیریان تێداکوشت. بەم شێوەیە لە کۆتاییدا ئەبوبەکر بەغدادی بوو بە سەرکردەی داعش، چەکدارانی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ توانیان لەیەک شەودا بەتەواوی شاری موسڵ کۆنترۆڵ بکەن و تەواوی هیزە سەربازییەکانی عێراق شاری موسڵیان جێهێشت بێ رووبەرِوو بوونەوە رایانکرد.

شاری موسڵ خاوەن نزیکەی ٢ ملیۆن سەرژمێرە و زۆربەی دانیشتوانەکەی شارەکەیان چۆڵکرد، لە ئاکامی هێرشەکانی داعش بە هەزارەها کەس ئاوارەی پێدەشتەکان بوون، خەڵکی ئەوێ زیاد لە داعش لە وپۆلیس و لەو سەربازانە تورە و نیگەرانن کە بەرگی فەرمیخۆیان داکەند و بەبێ ئەوەی شەڕی داعش بکەن هەڵاتن.

داعش توانی لە سوریا و عێراق پانتاییەکی زۆر فراوان کۆنترۆڵ بکات، داعش توانی چەند شارۆچکەیەکی نێوان سوریا و عێراق کۆنترۆڵ بکات کە پێشوتر لەژێر کۆنترۆڵی بەرەی نوسرەدا بوو، لەدوای ئەم گۆرانکاریانە داعش توانی رومادی و فەلوجە بکاتە ژیر دەسەڵاتی خۆیەوە لەدوای ئەمانەش بەشی هەرەر زۆری سنوری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کە ئەوکات بەدەستی هێزەکانی عێراقەوە بوو داگیریان کرد.

بەپێی زانیارییەکان هێزی چەکداری داعش لە سوریا ٦ بۆ ٧ هەزار چەکدار دەبوو کە بەشی زۆری چەکدارەکانیان بیانی بوون. هەروەها هێزی چەکداری داعش لە عێراقدا بە ١٠ هەزار چەکدار مەزەندە دەکرا، تیرۆریستانی داعش تەنها بۆ عێراق و سوریا هەڕەشە نەبوو بەڵکو بۆ هەموو ناوچەکە و تەواوی جیهان جێگای هەڕەشە و مەترسی بوو، دوا گۆرانکاریەکانی عێراق ئەوەی نیشاندا کە دەبێت هەموو پێکهاتەکان لە عێراقدا هاوبەش دژ بەم دوژمنە بجەنگێن، هەربۆیە پێویست بوو ئەم گروپە تێرۆریستە لەناو خەڵکدا دوور بخرێتەوە.

بڕیاری ژمارە ٢٣٧٩ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان و دەستنیشانکردنی (کەریم ئەسعەد ئەحمەدخان) وەک راوێژکاری تایبەت و سەرۆکی تیمی لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) هەنگاوێکی زۆر گرینگ بوو، ئامانجی سەرەکی دامەزراندنی ئەم تیمە ئەوەیە بەڵگە و زانیاریتەواو کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی ئەم تاوانانەی داعش لە عێراق ئەنجامی داون وەک تاوان دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگیاخود بە جینۆساید بناسێندرێت و زۆر لە خزمەتی قوربانیاندا دەبێت.

**دۆکیومێنتکردن و ئاشکراکردنی تاوانەکانی تیرۆریستانله ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم:**

- کۆمەڵکوژی وەک تاوانی دژی مرۆڤایەتی.
- راگوازتنی دانیشتوان و گوازتنەوەی زۆرەملێ.
- رێگری هاتووچۆی هاووڵاتیانی سڤیل.
- دەستدرێژی و بەکۆیلەکردنی جنسی.
- ناچارکردنی گۆڕینی ئاین و بیروباوەڕ بەشێوەیەکی زۆرەملێ.
- رفاندنی ئافرەتان و زەوتکردنی ئازادییان.
- بەکارهێنانی چەکی بایولۆجی رێگە پێنەدراو.
- ئەشکەنجەدانی بەکۆمەڵی بەدەنی و مەعنەوی.
- سەپاندنی رێوشوێن بۆ رێگریکردن لە لەدایک بوون.
- سەپاندنی راگوازتنی منداڵان بەشێوەیەکی زۆرەملێ.
- کوشتنی راستەوخۆ وەک تاوانی دژی مرۆڤایەتی .
- بەکۆیلەکردن وەک تاوانی دژی مرۆڤایەتی.
- گرتن و رێگریکردن لە ئازادی جەستەیی و ئەشکەنجەدان.
- جیاکاری رەگەزپەرستی و کارەکانی نامرۆڤانەی تر.
- بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ لە لایەن داعش.
- تێکدان و تاڵان کردنی شوێنەوار و ناوچە ئەسەرییەکان.
- زۆرلێکردن بۆ ئەنجامدانی کاری مەیلی جنسی زۆرەملێ و توندوتیژی جنسی.
- تاوانی کوشتن و گۆڕی بەکۆمەڵ.

**کۆمەڵکوژی وەک تاوانی دژی مرۆڤایەتی:**

تیرۆریستانی داعش لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٤ دوای هێرشکردنیان بۆ سەر ناوچەی شنگال و دەوروبەری زیاتر لە ١٢٩٣ کەسیان شەهیدکرد و ٢٧٤٥ منداڵیان بێباوک کرد، بەدرێژایی ئەو سەدان کیلۆمەترە کە داعش پەلاماری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیداله کوشتن و تاڵانکردن دەستی نەپاراست. گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش باشترین بەڵگەیە کە پاش داگیرکردنی مووسڵ و چەند پارێزگایەکی دیکەی لەلایەن تیرۆریستانی داعش و دواتر ئازاد کردنی ئەم ناوچانە زیاتر لە ٢٠٠ گۆڕی بەکۆمەڵ لە هەموو عێراق دۆزراونەتەوە کە ٨٣ گۆڕیان لە شەنگالن و بریتین لە گۆڕی

بەکۆمەڵی ئێزیدییەکان کە تیرۆریستانی داعش لە دوای داگیرکردنی ناوچەکە لە دژی کوردانی ئیزیدی کۆمەڵکوژی ئەنجام دا، لە سەرجەم گۆڕە دۆزراوەکانی عێراق ١٢ هەزار تەرمی تێدا بووە.

تیرۆریستانی داعش چەندین جار لەسێدارەدانی بەکۆمەڵیان ئەنجامداوە و لە گۆڕی بەکۆمەڵدا ناشتویانن.ئەو تاوانەی تیرۆرستانی داعش چەند بارەبوونەوەی تاوەنەکانی ترە، کە بەسەر کوردا هاتوون، بەتایبەت تاوانی فەرمانی ئێزیدیەکان. بەڵام ئەوەی ئەمجارەیان بەرامبەر ئێزیدیەکان ئەنجامدرا، تاوانێک بوو لەسەردەمی گەشەی تەکنەلۆجیا و گلۆبالیزم ئەنجام دراوە، بۆیە ئاسان نەبوو وەک تاوانەکانی ڕابردوو پەردەپۆش بکرێت و تێپەڕیت و کەس باسی نەکات.

**ڕاگوازتنی دانیشتوان و گوازتنەوەی زۆرەملێ:**

تیرۆریستانی داعش مەبەستیان لەم کارە گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکەبوو بۆیە بە زۆر بەشێک لە هاوڵاتیانی ناوچە کوردستانییەکانیان لە شوێنەکانی خۆیان دوور دەخستەوە و لە شوێنی دیکە نیشتەجێیان دەکردن لە کاتێکدا کە خەڵکی بەشێک لەم ناوچانە ئارەزووی ئەم کارەیان نەدەکرد.

هەروەهاسەپاندنی باج بەسەر ئەوکەسانەی لە سنوری دەسەڵاتی داعشدا دەژیان. ئەمەو جگە لەوەی کە لەگەڵ دەستپێکردنی پەلامارەکانی داعش بۆ سنوری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لەلایەن دانیشتوانی کورد و پێکهاتەکانی تری کە دانیشتوی رەسەنی ئەم ناوچانە بوون دەسەڵاتی داعشیان قبوڵ نەکرد بەشی زۆریان ناوچەکانی خۆیان جێهێشت. لێرەدا نزیکەی ٣٦٠٠٠٠ لە پێکهاتەی کوردی ئێزیدی ئاوارەی شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بوون، جگە لە کریستیان و شەبەک و پێکهاتەکانی دیکە.

**ڕێگری هاتووچۆی هاووڵاتیانی سڤیل:**

ڕێگری کردن لە هاتووچۆی هاووڵاتیانی سڤیل و ڕێگەنەدانیان بە سەردانیکردن بۆ هەر شوێنێکی دیکەی دەرەوەی سنوری ژێر دەسەڵاتی تیرۆریستانی داعش کە بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی بەو هاوڵاتیانەی نەدەدا کە لەم سنورە نیشتەجێبوون پەیوەندی و هاموشۆیان هەبێت لەکەڵ هەرێم یان دانیشتوانی هەرێم و بەشەکانی دیکەی عێراق، هاتوچۆکردنیش بە هەموو شێوەیەک قەدەغە بوو لەنێوان شار و شارۆچکەکان لەم سنورانەدا.

**دەستدرێژی و بەکۆیلەکردنی جنسی:**

ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە دوای مانگی ئابی ٢٠١٤ ەوە و بۆ ماوەی چەندین ساڵ کاری توندوتیژی جنسی و جەستەیی لە بەرانبەر هاوڵاتیانی ئێزیدی بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو ئەنجامدا، ئەم کردەوانی داعش دەکەوێتە چوارچێوەی تاوانی کۆمەڵکوژی و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بە پێی یاسای نیودەولەتییەوە چونکە شوێنەواری زۆر وێرانکەری لەسەر پێکهاتەی ئیزیدی بەجێهێشت لەدوای ئەم ڕووداوانە.

دەستدرێژی جنسی و جەستەی تەنانەت لەدوای نەمان و روخانی داعشیش ئاسەوارەکانی بە ئاسانی لاناچن.لە چەندین ڤیدیۆ و دۆکیومێنتی دیکە ئەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە بەکۆیلەکردن و کڕین و فرۆشتن بە ئافرەتانەوە دەکرێت و منداڵانی تەمەن ١٥ ساڵ وەک سەبی کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت و وەک دەستکەوتی جەنگ حسابیان بۆ دەکەن بە تایبەت ئەوەی بەسەر ئافرەتانی ئێزیدییەکاندا هات ئەمەش دەکەوێتە چوارچێوەی بەکۆیلەکردنی جنسی هەروەک ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەیان پێکردووە و چەندین بەڵگەی دەستدرێژی جنسیان خستۆتە ڕوو.

زۆر پێویست دەکات ئەنجام دەران و ئەو کەسانەی دەستیان لەم تاوانانەدا هەبووە بە سزای عادیلانە بگەیەندرێن و لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا دادگایی بکرێن لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و بە دواداچوونی دادگایەکی چالاک و کاریگەر کە ئەمە تاکە زەمان و ڕێگەیە بۆ ڕێگریکردن و دووبارە نەبوونەوەی ئەم جۆرە تاوانانە.

دیوانی حسبە (پۆلیسی ئاداب)ی داعش ڕێوشوێنی زۆر توندی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیدا سەپاندبوو، لەسێدارەدان و کوشتنی ئەوکەسانەی کە لە ڕووی جنسییەوە شازن و بەردبارانکردنی ئافرەتان بەتۆمەتی زینا، ڕێگری لە بەکارهێنانی مۆبایل و جگارە و سەپاندنی کۆت و بەندی توند لەسەر لەبەرکردنی جل و بەرگی ئافرەتان دانابوو، ئافرەتان تەنها بە پۆشینی حجاب ڕێگە دەدران لەماڵ دەربکەون.

**ناچارکردنی گۆڕینی ئاین و بیروباوەر بەشێوەیەکی زۆرەملێ:**

دەیان لەو ئافرەتە ئێزیدیانەی کە کەوتوونەتە دەستی داعش ناچار کراون بەگۆڕینی بیر و باوەڕ و ئاینیان بەشێوەیەکی زۆرەملێ و بەکار هێنانی توندوتیژی، هەروەها پەروەردەکردن و ڕاهێنانی منداڵەکانیشیان لەسەر ئاینێک کە دوورە لە ئاین

و بیروباوەڕی پێشتریان و ناچارکردنیان بە قبوڵکردنی ئاینی ئیسلام و پەیڕەوکردنی بیروباوەڕی توندڕەوی لە ریزەکانی تیرۆریستان و کردنیان بەجەنگاوەر، کە ئەمانەش دەچنە چوارچێوەی کاری دژی مرۆڤایەتی و سەرپێچی یاسا نێودەوڵەتییەکانن.

**رفاندنی ئافرەتان و زەوتکردنی ئازادییان:**

لە مانگی ئابی ٢٠١٤ تیرۆرستانی داعش دوای دەستگرتنیان بەسەر شارۆچکەی شەنگال، ژمارەیەکی زۆر لە کچ و ژنی ئێزیدیان وەک کەنیزەک گرت و بۆ شارەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیان گواستنەوە، تا لەو شوێنانە بە گەڕانەوە بۆ یاسا و رێساکانی خۆیان وەک سەبایە و کەنیزەک سەوداو مامەڵەیان پێبکەن، ژمارەی ئەو ژن و کچانەی ئێزیدی کە کەوتنە ژێردەستی داعش نزیکەی (٦٤١٧) کەس دەبوون، ئەمە سەرەڕای کووشتنی هەزاران هاولاتی تری کوردی ئێزیدی و شاردنەوەیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان.

ئێزیدی خاوەن ئایین و مێژوویەکی دەوڵەمەند و دابونەریت وکەلتووری تایبەتی خۆیانن زۆربەشیان لە نزیك پارێزگای موسڵ و ناوەندی قەزای شنگال و دەوروبەری لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم نیشتەجێن، ئەم ناوچانەش زۆربەیان کەوتبوونەتە بەر هێرشی تیرۆریستانی داعش و خەڵکەکەی ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون تا ئەو کاتەی لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە رزگار کرانەوە.

دوای هێرشەکانی داعش بۆ دەشتی موسڵ و داگیرکردنی شەنگال لە سەرەتای مانگی ئابی ٢٠١٤ تەنیا ئێزیدییەکان نەبوونە ئامانجی تیرۆریستان بەڵکو کریستیان و شەبەك و تورکمانەکانی ناوچەکەش رووبەرووی جینۆساید و نەهامەتی و کارەسات بوونەوە و بۆ رزگارکردنی ژیانیان ناچاربوون شوێنەکانی خۆیان جێبهێشت و روویان لە هەرێمی کوردستان کرد، بەڵام لەبەر تایبەتمەندیی ئاینییان هێرشەکان زیاتر بۆ لە ناوبردنی ئێزیدییەکان بوو .

ئەوەی دیار و ئاشکرایە بۆ خەڵکی ناوچەکە ئەوەیە گوندەکانی (سیبا، ساهر، چری)، سەرچاوەی تیرۆریستانی داعش بوون و زۆربەی ئەو کچ و ژنە کوردە ئێزیدیانەی کە لەلایەن داعشەوە رفێندرابوون، یەکەم جار لەو گوندانە کۆکراونەتەوە و دەستدرێژییان کراوەتە سەر دواتر بەرەو موسڵ، رەقە و شوێنەکانی دیکە نێردراون. کاتێک پێشمەرگە هێرشی کرد بۆ ئازادکردنی ئەم گوندانە، خەڵکەکەی لەگەڵ چەکدارانی داعش بەرەنگاری پێشمەرگە بوونەوە، و لە ئەنجامی شەڕێکی گران ژمارەیەکی زۆر خەڵک کوژران و خانووەکان وێرانبوون.ئەمە و جگە لە بەکارهێنانی هاوڵاتیان وەک بەربەست لەکاتی ئەنجامدانی شەڕەکانیاندا لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگە.

**ئاماری تاوانەکانی داعش لە دژی کوردانی ئێزدی:**

- ✓ ئاوارەکردنی نزیکەی ٣٦٠٠٠٠ هەزار کەس.
- ✓ شەهیدکردنی ١٢٩٣ کەس.
- ✓ دەیان گۆڕی بە کۆمەڵ بۆ کوردانی ئێزدی، کە تا ئێستا ٨٣ گۆڕیان دۆزراونەتەوە.
- ✓ بێ باوککردنی ٢٧٤٥ منداڵ.
- ✓ تەقاندنەوەی ٦٨ مەزار و پەرستگەی ئاینیی کوردانی ئێزدی.
- ✓ رفاندنی ٦٤١٧ هاووڵاتیی کوردی ئێزدی.
- ✓ ژمارەی ئافرەتی رفێندراو ٣٥٤٨.
- ✓ ژمارەی پیاوانی رفێندراو ٢٨٦٩.
- ✓ ژمارە ٢٨٨٠ ئەو رفێندراوانەی کە ماون تا ئێستا، کە ١٣٠٤ مێینە و ١٥٧٦ نێرینەن.
- ✓ پەناهەندەبوونی زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ هاووڵاتیی کوردی ئێزدی بۆ ئەوروپا.

**بەکارهێنانی چەکی بایولۆجی رێگە پێنەدراو:**

تیرۆریستانی داعش چەکی قەدەغەکراویان لە مەیدانی جەنگ و رووبەڕوو بوونەوەکاندا بەکار دەهێنا، غازی کلۆر کە یەکێکە لە چەکە قەدەغە کراو و رێگە پێنەدراوەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەڵام چەکدارانی داعش لە مەیدانی جەنگ و لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا چەند جارێک بەکاریان هێناوە. ئەمەش نیشانەیەکی زۆر مەترسیدار بوو، چونکە بەکار هینانی ئەم جۆرە چەکە جیاوازی ناکات لەنێوان جەنگاوەر و هاوڵاتی سیڤیل، داعش هەوڵی بەردەوامی دەدا بۆ گەشەپێکردنی چەکی کیمیاوی و ئەگەر رێگری لێ نەکرابا و بەردەوام بوایە دەبوو بە خاوەنی چەک و تەقەمەنی پێشکەوتووتر لەم بوارەدا.

**<u>تاڵانکردنی موڵک و ماڵ و دەستبەسەرداگرتنی:</u>**

دەستبەسەر داگرتنی ماڵ و موڵکی هاووڵاتیانیعەرەبی ناوچە کوردستانییەکان بەتۆمەتی هەبوونی پەیوەندیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەلایەن تیرۆریستانەوە و تەنانەت زەوییە کشتوکاڵییەکانیشیان  بۆ خۆیان بەکار دەهێنان، هەرکەسێکیش گومانی پەیوەندی لیکرابێت بە توندترین شیوە سزای کوشتنی بەسەردا دەسەپێندرا بێ گەڕانەوە بۆ دادگاکردن و بڕینی قۆناغەکانی دادگا.

**<u>خاپوورکردنی خانوو و باڵەخانەکان:</u>**

خاپورکردن و وێرانکردنی ژمارەیەک گوندی هاووڵاتیانی عەرەب لە سنووری پارێزگای دیالا لەلایەن چەکدارانی داعش،لەو کاتەی  پێشمەرگە چوونە ناو جەلەولا تەنیا لەگەڕەکی (الوحدة) لە یەک کاتدا (٩) خانوو بەدوای یەکتردا تەقییەوە کە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە بۆمبڕێژ کرابوو، ئەمەو چەندین نمونەیتر کە تیرۆریستانی داعش هەوڵیان داوە  زۆرترین زیان بگەیەنن بەتایبەت بەو شوێنانەی کە جێی دەهێڵن.

**<u>دەستگیرکردنی هەڕەمەکی(أعتقال اعتباطی):</u>**

لەسەر زاری دانیشتوانی گوندەکانی ناوچەی زوممار و دەوروبەری ئاماژەی بەوە دەکەن کە ژمارەیەک لە کەسوکاریان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەبێ فەرمانی دادگا دەستگیرکراون، بێ ئەوەی فەرمانی دادوەریان نیشان بدرێت دەستگیریان کردوون و هیچ تۆمەتێکیان ڕووبەڕووکراوەتەوە و لە ماوەی جیاجیا دەستگیرکراون. هەروەها ڕووبەڕووی مامەڵەی خراپ و شێوازی جۆراوجۆری ئەشکەنجەدان بوونەتەوە لەکاتی دەستگیرکردنیان. ئەم هەڵسوکەوتە لەزۆربەی زۆری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لەلایەن داعشەوە ئەنجام دراوە.

**<u>ئەنجامدانی تەقینەوە و گەیاندنی زۆرترین زیانی گیانی و ماڵی:</u>**

ئەنجامدانی بە سەدان تەقینەوەی وێرانکاری لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای هێرشی خۆکوژی، بە شیوەیەکی بەردەوام لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە بە مەبەستی گەیاندنی زۆرترین زیانی گیانی و ماڵی بە هاوڵاتیانی سڤیلی ناوچەکە و هێزەکانی پێشمەرگەدا چەندین کردەوەی خۆکوژی و تیرۆریستی لەلایەن داعشەوە ئەنجام دراوە، بەجۆرێک ئەم کردەوە تیرۆریستیانە دەتواندرێت وەک تاوانی جەنگ و دژی مرۆڤایەتی هەژمار بکرێن.

کاتێک کرداری کوشتن بەشیوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بێت بەشێوەیەکی فراوان لەلایەن هەر گرووپ و دەستە و تاقمێک ئەنجام بدرێت و بریتی بێت لەکار و ستراتیژی ئەم گرووپە ئەوا دەتواندرێت وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی هەژمار بکرێت، جا ئەم کردەوە لە چوارچێوەی ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازیدا ئەنجام بدرێت یان لە کاتی دیکەدا.

**<u>چەکدارکردنی  منداڵان لە ریزی داعش:</u>**

تەجنید کردنی منداڵان لە ریزەکانی داعش یەکێک بووە لە کارە سەرەکییەکانی تیرۆریستانی داعش و بەکار هێنانی منداڵان بۆ ڕاهێنانیان لەسەر کاری توندوتیژی و بەدیهێنانی ئامانجە تیرۆریستییەکەیان کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی و خراپی دەبێت لەسەر بیر و ژیانی منداڵان.لە شەش مانگییەکەمی ساڵی 2018 ژمارەی ئەو تاوانبارانەی بە تۆمەتی پەیوەندی کردنیان بە داعشەوە دەستگیرکراون بەم شێوەیە بوو:

| جۆری تاوان | ڕەگەزنامە | بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی | | | | | | | | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سزادراو | | | | ڕاگیراو | | | | | | |
| | | سەروی 18 ساڵ | | خوار 18 ساڵ | | سەروی 18 ساڵ | | خوار 18 ساڵی | | | | |
| | | نیر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | | | |
| تیرۆر | عێراقی | 1341 | 14 | 97 | | 1 | 12 | 44 | 1 | 1483 | 27 | 1510 |
| | تورکی | 2 | | | | | | | | 2 | 3 | 5 |
| | ئیرانی | 12 | | | | | | | | 12 | 2 | 14 |
| | سوری | 5 | | | | | | | | 5 | | 5 |
| | وڵاتانی تر | | | | | | | | | | 2 | 2 |
| | کۆ | 1360 | 14 | 97 | | 1 | 19 | 44 | 1 | 1502 | 34 | 1536 |

**ژمارەی ئەو منداڵانەی کە بە تیرۆر تاوانبارن:**

- ژمارەی منداڵە گیراوەکان بە تاوانی پەیوەندییان بە داعش (١٢١) راگیراو بووە لەوانە (٥٨)یان سزا دراوە.
- لە ماوەی نێوان ٢٠١٧/٧/١ تاکو ٢٠١٨/٢/١٤ لە دادگای نەواجەوانانی هەولێر (١٩٤) دادگایی کراون و لەوان (٢) ئازاد کراون.

**<u>مینڕێژکردنی گوندەکان بۆ ڕێگری لە گەڕانەوەی خەڵک:</u>**

جگە لە بوردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان کە ڕێگرە لە گەڕانەوەی خەڵکی گوندەکان بە کورد و عەرەب و پێکهاتەکانی دیکەوە، بوونی مین و تەقەمەنی کە داعش لە دوای خۆی دایدەنێت هۆکارێکی دیکەی نەگەڕانەوەی خەڵکەکەیە. دەزگای گشتی کاروباری مین دەڵێت: "بۆ سەلامەتی گیانی هاوولاتییان و پاراستنی ژیان و ماڵ و حاڵیان، لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/١ـەوە دەزگای گشتی کاروباری مین ژوورێکی عەمەلیاتی پێکهێنا ودەستیانکرد بە کارەکانیان لە ناوچەکانی شەڕگە و ئەو ناوچانەش کە ئازادکراون.

بوونی مەترسی (مین، پاشماوەی جەنگی، عبوات ناسفە) یەک لەو هۆکارە سەرەکیانەیە کە ڕێگری لە گەڕانەوەی خەڵک دەکات بۆسەر ماڵ و حاڵی خۆیان و بە لە ناوبردنیان دەبێتە پاڵنەرێک بۆ گەڕانەوەی هاوولاتییان بۆ شوێنی نیشتەجێبونیان بە بێ گوێدانە (نەتەوە و ئایین).بەپێی زانیارییەکانی دەزگای گشتی کاروباری مین، کارو چالاکییەکانی لە ناوچە ئازادکراوەکان دوای دامەزراندنی ژووری عەمەلیات بەم شێوەیە بوو:

**میحوەری گوێر، مخمور:** لە میحوەری گوێرسەردانی نۆ گوند کراوە و پاکسازییان تێدا ئەنجامدراوە، دوو سەد و نەوەد و نۆ مین، پاشماوەی ERW و بۆمبی چێندراوی IEDلەناوبراوە، و ڕووبەری نەوەد هەزار مەتری دووجا پشکنین و چاوساغی بۆ کراوە.

- هەفتانە دوو تیم تەرخانکراوە بۆ سەردانکردنی کەمپی ئاوارەکان و هۆشیارکردنەوەی هاوولاتییانی ناوچە ئازادکراوەکان لە مەترسی مین و عبوە ناسفە IED.
- بری دوو سەد و شەست و شەش IED لە ناوبراون، سەد و حەفتاوچوارIED وهەشتا و سێ مینی دژە کەسی پوچەڵکراونەتەوە، هەروەها سێزدە پارچە لە پاشماوەی جەنگی ERW لەناوبراوە.
- سێ خانووو مزگەوتێکی بۆمبڕێژکراو پاککراونەتەوە و سێ خانوو و پردێکی بۆمبڕێژکراو تەقێندراوەتەوە.
- هەزاران مەتری چوارگۆشە بەهۆی بوونی مین، پاشماوەی جەنگی و عبوە ناسفە پشکنێنراون.

**میحوەری کەرکوک:**

بری هەشتا و هەشت مین، پاشماوەی جەنگی ERW، عبوە ناسفە IED لە گوندی (تل الورد) لە ناوبراوە.بە شێوەیەکی گشتی تەنیا لە کەرکووک لەسەرەتای شەڕی داعشەوە تاوەکو ئێستا هێزەکانی پووچەڵکردنەوەی بۆمب و تەقەمەنی "حەوت هەزار" بۆمبی چێندراوی چەکدارانی داعشیان لە ناوچەکانی باشوور و ڕۆژئاوای کەرکووک، میحوەرەکانی داقوق و خورماتوو پوچەڵکردووەتەوە، بەشێکیش لە تەقەمەنییەکانیان تەقاندووەتەوە.

بەشێک لەناوچەکان، کە لەژێر کۆنترۆڵی داعش بوون ئێستا لەلایەن پێشمەرگەوە کۆنترۆڵکراون و تاوەکو ئێستاش ڕۆژانە بۆمب و پاشماوەی جەنگییەکانی داعشی تێدا دەتەقێتەوە و بەشێکی دیکەشییان هەڵمەتی کۆماڵکردنی بۆ ئەنجامدەدرێت.چەکدارانی داعش بۆ ڕێگریکردن لەهێرشی هێزەکانی پێشمەرگە هەزاران بۆمب و تەقەمەنییان لەو ناوچانە چاندووە، کە کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵییانەوە، هەربۆیە زۆرجار بەشێک لەو تەقەمەنیيانە بەخۆشیاندا دەتەقێنەوە.ئەو بۆمب و تەقەمەنییانەی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە بەکاردێت، وەک تیم و ئەندازیارانی بواری پوچەڵکردنەوە دەڵێن زۆر پێشکەوتون و دروستکراوی خۆیانن و هەندێکیان لەسەر شێوەی ئەو تەقەمەنییانە دروستکراون کە پێشتر ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بەکاریهێناون.

**میحوەری ڕۆژئاوای دیجلە (زوممار- ربیعە):**بری چوار هەزار و ٤٨٢مین و پاشماوەی جەنگی ERW،لەگەڵپێنجسەد و حەفتاو دوو عبوە ناسفە لە ناوبراون. هەروەها تیمەکانی دەزگای گشتی کاروباری مین هاوکاریتیمەکانی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی دهۆکیان کردووە بۆ بەهاناوە چوونی زیاترلە شەش هەزار ئاوارەی سنوورەکە.

**میحوەری گەرمەسێر (جەلەولا- سعدیە):**لە ڕێگای چوار تیمی هۆشیارکردنەوە، دە هەزار و ٨٨١ ئاوارە (لە کەمپەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان)، سوودمەند بوون لە هۆشیارکردنەوە لە مەترسی مین و پاشماوەی جەنگی و عبوە ناسفە.سەردان و پشکنینی چەند گوندێکی سەر بە ناحیەی جەلەولا کراوە لەوانە:(حسینیە، بایزە، گحافە، سید احمد، تەبج). لەم گوندانە

(٥٣٠) مین، پاشماوەی ERWبۆمبی چێندراوIEDلەناوبراوە. پوچەڵکردنەوەی شەش سەد و چل و دوو لە مین MINE & ERWو مینی چێندراوIED.پاککردنەوە و رادەستکردنی کێڵگەیەکی مین لە نزیک گوندی (علی خلف) بە رووبەری بیست و حەوت هەزار مەتر دووجا (کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی عەرەبن).
پشکنین بە ئامێری تایبەت بۆ رووبەری حەڤدە هەزار و شەش سەد مەتر دووجا بۆ رێگای نێوان شارۆچکەی جەلەولاو گوندەکانی دەورو بەری.لە ئەنجامی چالاکی تیمەکانی سەربە دەزگای گشتی کاروباری مین لەو ناوچانەی کە ئازادکراون لە ژێر دەستی داعش و لە رێکەوتی ٢٠١٤/١٠/٢٨، (٤) چوار کارمەندی ئەم دەزگایە شەهید بون ٣ی دیکەش بریندار بوون. هەروەها ئەم دەزگایە یادشاتنامەیەکی لێکتێگەیشتن(MOU) لەگەڵ رێکخراوی (IMMAP) و لایەنی پەیوەندیدار لە بەغدا واژۆ کردووە، بۆ ئەوەی لەو ناوچە ئازادکراوانەی شەڕی داعش کە هاوبەشن لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق پێکەوە کار بکەن بۆ پاککردنەوەی ئەو ناوچانە و زانیاری و داتاکان هاوبەش بکەن.

**<u>بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆجی بۆ بەتیرۆریست کردنی هاوڵاتی سیڤیل:</u>**
**<u>گوندەکانی زوممار و ناوچەکانی تر:</u>**
**گوندی بەرزانکێ:**خەڵکی ئەم گوندە لە نەتەوەی عەرەبن لە هۆزی (جحێش) لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە گروپە تیرۆریستییەکان لەم گوندە بوونیان هەبووە، لە (٢٠١٤/٨/٢) تیرۆریستانی داعش لە نێو خەڵکی ئەم گوندە پەیدابوون و دژی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق دەستیان بە شەڕ کرد، هەر لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە زۆربەی بەرپرسانی (داعش و قاعیدە) لە (موسڵ و زوممار، و رەبیعە و تەلعفەر) خەڵکی گوندی (برزانکێ ) بوون و هاوکاری تیرۆریستانی داعشیان دەکرد و چەندین کۆگای دروستکردنی بۆمب لەو گوندە هەبوون. لەوانە: (عبدالكريم الغضبان، علی الغضبان، علی اسود، دریعی احمد حسن، محمد حسین دهش/مفتی شرعی، شلاش حسین دهش، محمد محمود حنیە/کوژراوە، محمد عبدالمحسن/امیر، عبد طه حسن جرجس/شرعیە ).

لە رۆژی(٢٠١٤/٨/٢) زۆربەی دانیشتووانی گوندەکە یەکسەر جلوبەرگی ئەفغانییان پۆشیوە و لەگەڵ داعش دەستیان بە شەڕ کرد دژی پێشمەرگە ، هەروەها چەندین ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژ کراو لەلایەن خەڵکی ئەم گوندە بە هێزەکانی پێشمەرگەوە تەقێندراوەتەوە و ئەم گوندە یەکێک بوو لە سەنگەرە بەهێزەکانی داعش و پێکدادانی بەهێز بە چەکی جۆراوجۆر بەکارهاتووە، و بەشێکی خەڵکی گوندەکە کە چەکداری داعش بوون بە دەستی پێشمەرگە و سوپای عێراق کوژراون هەروەها فڕۆکەکانی هاوپەیمانان گوندەکەیان بۆردومان کرد بۆیە دانیشتوانەکانی روویان لە شاری موسڵ کرد لە خانووی کورد و شیعە و کریستیانەکان نیشتەجێ کراون.

خانەوادەی ( الشاهر) کە لە هۆزی (جبور)ن هەر لە ساڵی(٢٠٠٥) دژایەتی تیرۆریستانی رێکخراوی (قاعیدە)یان کرد، چونکە قاعیدە (١٠) کەسی ئەم خانەوادەی تیرۆر، بۆیە کاتێک داعش ناوچەکەی داگیر کرد ئەندامانی ئەم خانەوادەیە روویان لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆیە داعش نزیکەی (٧٠) خانووی ئەم خانەوادەی تەقاندەوە، بەشێوەیەکی گشتی (بەرزانکێ وەک سەربازگەیەکی لێهاتبوو بۆ تیرۆریستیان داعش وئێستا زۆربەی دانیشتوانی لە بعاج و موسڵ و سوریان، تەنیا ئەم دوو خانەوادەیە ( سلیڤانیی و الشاهر) گەڕاونەتەوە ناوچەکە و لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هاوکاری کراون.

**گوندێ شێخان:** لە نەتەوەی عەرەبن هوزی (شەرابی) شێخەکانیان کۆنە ئەفسەر وپلەدار و ئەمنی رژێمی بەعسی بوون، کاتێک داعش هاتە ناوچەکە سەنگەریان دانا بۆ ئەوەی رێگا لەو پێشمەرگانە بگرن کە لە گوندەکە مابوونەوە و، ژمارەیەک لە پێشمەرگەیان شەهید کرد و چەک و کەلوپەلەکانیان بە تاڵان برد لە هەمان کاتدا ئاڵای داعشیان لە گوندەکە بەرز کردەوە.

دوای ئەوەی پێشمەرگە دەستی بە هەڵمەتی ئازادکردنەوەی ناوچەکە کرد گوندی( شێخان) سەنگەری پێشەوەی شەڕی نێوان پێشمەرگە و تیرۆریستانی داعش بوو، خەڵکی گوندەکە هاوکاری داعشیان کرد و رۆژانە خواردنیان بۆیان ئامادە دەکرد و دوای رزگار کردنی زۆر کەلوپەلی داعش دۆزرایەوە و وەک تۆماری پاسەوانی و چالاکییەکانیان دەرکەوت کە زۆریان پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و ئێستا لە موسڵن.

**گوندێ گرکافر:**زۆر لە دانیشتوانی ئەم گوندە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و دژی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان شەڕیان کردووە و ژمارەیەک پۆلیس و پێشمەرگە بە دەستی خەڵکی ئەم گوندە شەهید کراون دوای مینڕێژکردن و تەقاندنەوەی ژمارەیەک ئۆتۆمبێل لە سەنتەری گوندەکە، لە کاتی رزگار کردنی گوندەکە شەڕی قورس روویدا و هەموو جۆرە چەکێکی تێدا بەکارهات و فڕۆکەکانی هاوپەیمانان گوندەکەیان بۆردومان کرد، بەو هۆیەشەوە ژمارەیەک خانوو وێران بوون،

زۆربەی لە دانیشتووانی گوندەکە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و تا ئێستاش لە موسڵ و بەعاج و تەلعفەر هاوشانی داعش شەڕ دەکەن و شێخ و ریش سپییەکانیشیان هەموویان لەگەڵ داعشن.

**گوندێ خراب التبن:** دانیشتوانی ئەم گووندە روویان لە شاری موسڵ کردووە و زۆربەیان پەیوەندیان بە تیرۆریستانی داعشەوە کردووە، ئەوان بە سەختی هێرشیان کردووەتە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و پۆلیسی عێراق، کەچی گووندەکە وەک خۆی ماوەتەوە بەڵام کەسی تیدا نیە.

**گوندێ خراب العاشق:** هاوشێوەی گوندی خراب التبن زۆربەیان لەگەڵ داعش بوون و دژی پێشمەرگە و پۆلیسی عێراق شەڕیان کردووە، بۆیە روویان لە موسڵ کردووە، گوندەکەیان وێران نەبووە، بەڵام کەسی تێدا نییە، بەڵام ئێستا خەڵکی گوندی (بشار) کە عەرەبن لە هۆزی جحێش ئاوارە بوون بەهۆی نزیکی گوندەکەیان لە سەنگەرەکانی داعش و گەیشتنی هاون بە ناوچەکەیان، ئەمانە لە گوندی (خراب العاشق) نیشتەجێ کراون.
**کۆمەڵگای صوفیە:** موختاری کۆمەڵگاکە و شێخەکەیان بە ناوی (محمود کنحور) کە یەکێکە لە بەرپرسەکانی داعش لە موسڵ، و زۆربەی دانیشتوانی گوندەکە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و ئێستا لە موسڵن، گوندەکە وێران نەبووە و ئێستا ژمارەیەک لە دانیشتووانەکانی لە سەر ماڵ و حاڵی خۆیانن.
**گوندێ عین مانع:** عەرەبی سەر بە هۆزی (حسونی)ن و زۆربەیان پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و دژی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق شەڕیان کردووە، ئێستا بەشێکیان پلەی ئەمیریان هەیە، دوای ئەوەی پێشمەرگە پێشڕەوی کرد بۆ ئازادکردنەوەی گوندەکان، شوێنی خۆیان جێهێشت، گوندەکە وێران نەبووە، بەڵام کەسی تێدا ناژی.

**<u>تاوانی دیکەی داعش کە سەرپێچییە بەپێی یاسای جەنگ:</u>**

- کوشتنی راستەوخۆ.
- ئەشکەنجەدان.
- ئەنجامدانی مامەڵەی نامرۆڤانە.
- تاقیکردنەوەی چەکی بایولۆجی رێگە پێنەدراو.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدان و ناچارکردنی خزمەتکردنی جەنگاوەری لە ریزی داعش
- تاوانی جەنگ لە وەک ئەنجام نەدانی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی دوورخستنەوە و گوازتنەوەی نا یاسایی.
- تاوانی جەنگ لە بارمتەگرتن.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر هاوڵاتیانی سیڤیل.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر شوێنی مەدەنی.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی هیرش بۆ سەر فەرمانبەرانی مرۆیی و پارازتنی ئاشتی.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی هێرشکردنە سەر شوێنی نا سەربازی.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی کوشتن و بریندارکردنی کەسانی کە توانای شەڕکردنیان نییە.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی شێواندنی جەستە.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی تاڵانی.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی لە بەکارهێنانی غاز و مەوادی رێگە پێنەدراو.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی دەستدرێژی بۆ سەر سەروەری تاکە کەسی.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی دەستدرێژی جنسی.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی بەکۆیلە کردنی جنسی.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی کاری مەیلی جنسی.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی شێواندنی جەستە.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی ئەشکەنجە دان.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی بە بارمتەگرتن.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی لە سێدارەدان بێ گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی.
- تاوانی جەنگ لە ئەنجامدانی لە هێرشکردن بۆ سەر شوێنی مەدەنی.